Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.07 01:04:10 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# شەهیدێک بیروڕای خۆی دەردەبڕێ

شیعری: **حەمەسەعید حەسەن**

بۆ شەهید **ئازادی مەلا محەمەد**

ئەم شیعرە کە یەکەم جار بەهاری ١٩٨٣ لە ڕادیۆی یەکێتیی نیشتمانییەوە خوێندراوەتەوە، هونەرمەند **حەمەجەزا** کردوویە بە گۆرانی.

ئابڕوو هەڵوێستە لەم گەلە،
ئابڕوو هەڵوێستە لەم خاکە،
ئەوی ئەم گەلەی خۆش ناوێ بێ ئابڕووە،
ئەوی ئەم خاکەی خۆش ناوێ بێگانەیە
کێ دەڵێ خەڵکی وڵاتی
بەفر و کانی و داربەڕووە؟

*

کە داگیرکەران دەبینن
لە چایخانە،
لەسەر شەقام،
لە هەر شوێنێ،
خۆتان گێل کەن
وەکوو چاوتان نەیان بینێ،
کە بە لایاندا ڕەت دەبن،
سڵاو مەکەن،
وا بزانن
ئەوانە پشیلەن، سەگن، مشکن، کوللەن،
کە پرسیاریشتان لێ دەکەن
خۆتان وەها نیشان بدەن
لە زمانی ئەوان تێناگەن.

*

چاوەڕوانیت؟ چاوەڕوانیت و هیچی تر؟
ئەوی تەنیا چاوەڕوانە،
پێ بزانێ و پێ نەزانێ
ڕازییە بەم ژینە پڕ ئازار و ژانە،
ئەوی قایل بێ بەم ژینە ترسنۆکە،
دوژمنانیش دەیانەوێ

ئێوه هەموو ترسنۆک بن،
پێتان دەڵێم
ئەوی بترسێ ناپاکە،
ئەوی بترسێ دەچێتە بەرەی دوژمن.

*

گەر دەتەوێ
لەشکری مردن ڕاو بنێی،
دەبێ بەرەو ئامێزی مەرگ
بوێرانە هەنگاو بنێی.
گەر دەتەوێ مانایە
بۆ ژینت دەستنیشان کەی،
دەبێ سەراپای ژیان
بۆ چەوساوە تەرخان کەی،
گەر دەتەوێ ژیانت
ژووری نەبێ چۆڵوهۆڵ،
چۆن دەبێ بۆ خۆت بژیت،
خەمی گەل نەکەیە کۆڵ؟
ئەوی تەنیا هەر بۆ خۆی،
بۆ خۆی دەژی و هیچی تر
نازانێ کە ژیانی
کوورەیەکە بێ ئاگر؟
ئەوی بەشداری ناکا
لە شەڕی گەل و خاکا،
بۆچی لە خۆی ناپرسێ
بیانووی ژیانی چییە؟
من نازانم جیاوازیی مان و نەمانی چییە.

*

گەر حەز دەکەن
وڵات سەربەست، میللەت شاد بێ،
پێ لە زنجیر، دەست لە کەلەپچە ئازاد بێ،
گەر حەز دەکەن
‹بە لاشەی بۆگەنی دوژمن
تێر پەیین بێ کێڵگەی وڵات،›
بێتە بەرهەم ڕەزی ئاوات،

دەبێ هەموو ئامادە بن
خۆتان ئەو ڕۆژە نەبینن،
ئەوساکە ئەو ڕۆژە دێ،
ئەوساکە سروەی شادی
دەگاتە هەموو شارێ،
دەگاتە هەموو گوندێ.

*

ڕق نەمامێکی پیرۆزە،
هێدی هێدی گەورە دەبێ و
دەبێتە درەختی بەردار،
درەختی ڕق بەری تەواوی گرتووە،
<دوێنێ زوو بوو،
سبەینێ کات بەسەر چووە.>*
هەژارینە لێی کەنەوە
کاتی ڕاپەڕین هاتووە.

*

ئەی گەلەکەم
تۆ بۆ ئەوە دروست نەبووی
سەراپای ژین
بە شاخەوە بەریتە سەر،
بەلام ئەی کێ دەلێ بۆ ئەوە خولقاوی
سەر نەوی کەی بۆ داگیرکەر؟

*

من ژنم نەهێنابوو تاکوو دوای خۆم
چەند مندالێ جێ بهێلم وەکوو مۆم
لە شەوگاری نیشتمانا داگیرسێن
بۆ پەلامارێکی تر ببنە هەوێن
تاقە وەچەیە پاش من بمێنێ
تۆلەسەندنە،
تاقە یادگارێ بە جێم هێشتبێ
خۆ بۆ ئازادیی بەختکردنە.**
1982

* لێنین.

** کاریگەرێتیی <بیرەوەرییەکانی سالانی ڕەش>ی جان جینێ ی لەسەرە.